

# مەڕی ڕەش

ئیتالۆ کالڤینۆ
و: جەبار سابیر

شارێک هەبوو خەڵکەکەی هەموو دز بوون.

شەوانە دوای نانخواردن، هەر کەسەو دەستەیەک کلیلی گەورەو فانۆسێکی هەڵدەگرتو لە ماڵ دەچووە دەر، بۆ دزیی لەماڵە دراوسێیەکی، بەرەبەیان بەدەستی پڕەوە دەگەڕایەوە ماڵ، بۆ ماڵی خۆی کە ئەویش دز هاتبووە سەری.

بەم جۆرە، هەموو لەپاڵ یەکدا بەخۆشیو شادی دەژیان، چون هەر کەسێک دزی لەیەکێک دەکردو ئەویش لەبەرامبەردا لەمی دەدزیو تادەگەیشتە ئەو جێیەی کەدوا کەس لەیەکەمین کەسی دەدزییەوە. ئاڵو وێری بازرگانی بەشێوەیەکی گشتی کڕینو فرۆشتن لەم شارەدا بەمجۆرە شێوەی دەگرت، هەم لەلایەنی کڕیارەوە هەم لەلایەنی فرۆشیارەوە. دەوڵەتیش بەش بەحاڵی خۆی هەوڵیدەدا حەقو حسابی زیاتر لە خەڵک وەرگرێتو تیژیان کاتو خەڵکەکەیش لە لایەن خۆیان کۆششی تەواویان دەکرد تا سەری دەوڵەت بقەبڵێنو نەهێڵن سەر زیاد کات. بەمشێوەیە لەم شارەدا ژیان بەئارامیی تێدەپەڕی، نەکەس زۆر دەوڵەمەند بوو نەکەسیش زۆر هەژارو کەلەلا.

ڕۆژێک چۆن نازانم، پیاوێکی سەر راست ڕێی کەوتە ئەم شارەو تێیدا نیشتەجێبوو، شەوان لەبری ئەوەی بەدەستەیەک کلیلو چرایەکەوە بکەوێتە کۆڵانان بۆ دزی، دوای نان خواردن جگەرەیەکی پێدەکردو دەستی دەکرد بەڕۆمان خوێندنەوە.

دزەکان دەهاتن، چرای ماڵیان بەداگیرساوی دەبینی ڕێگەیان دەگرتەبەرو دەڕۆیشتن.

بارودۆخەکە بەمشێوەیە ڕۆی تا خەڵکەکە، هەستیان بەئەرکی خۆیان کرد کە بەم کابرا غەوارەیە بڵێن گەرچی خۆیشی ئەهلی ئەم کارەنییە، بەڵام مافی ئەوەی نییە لەمپەری کاری خەڵکی تربێت. هەر شەوێک کەلەماڵ دەمێنێتەوە، مانای ئەوەیە کەخێزانێک بێ شێو سەردەنێنەوەو ڕۆژی دواتریش شتێکیان بۆ خواردن نابێت.

بەمجۆرە، کابرای سەر ڕاست بۆ ئەم بیانووانەی ئەوان دەیتوانی قسەیەکی بۆ وتن هەبێت؟ لەبەرامبەردا پاش خۆراوابوون، ئەو لەماڵ دەردەچوو هەمان شێوە کەداوایان لێکردبوو، دەمەو بەیانی دەگەڕایەوە، بەڵام

دەستی بۆ دزی نەدەبرد. ئاخر ئەو کەسێک بوو کارڕاستو ئەهلی ئەو کارە نەبوو، دەڕۆیشتە سەر پردی شارو ماوەیەکی زۆر بەدیار شەپۆلی ئاوی رووبارەکەوە رادەماو دواتر بۆ ماڵ دەگەڕایەوەو دەیبینی دەست بۆ ماڵەکەی براوە.

لەماوەی کەمتر لەهەفتەیەکدا، پیاوی کارڕاست دارو نەداری خۆی لەدەستدا، شتێکی بۆ خواردن نەماو ماڵەکەی سافو لوس بووبوو، بەڵام ئەمە گرفتەکە نەبوو، بەڵام ئەم بارودۆخە لە کەموکوڕی ئەوەوە بوو. نا! بەڵکو کێشەکە شتێکی تربوو، کێشەکە لەوێوە سەرچاوەی دەگرت کە ئەم پیاوە بەم رەفتارەی حاڵی هەمووانی تێکدابوو! ئەو رێگەی دابوو دارو نەداری بدزن بێ ئەوەی خۆی دەست بۆماڵی کەس درێژ کات. بەمشێوەیە هەر شەوەی کەسێک لەدزی شەوانەی ماڵی خەڵکیتر، کاتێک بەیانی دەچووەوە ماڵی خۆی، دەیبینی ماڵو حاڵەکە وەک خۆیەتیو دەستی لێنەدراوە، ماڵێک کەدەبوو کابرای کارڕاست دەستی بۆ بەرێت.

بەهەرحاڵ پاش ماوەیەک وردە وردە، ئەوانەی کەشەوانی زیاتر ماڵیان نەدزرابوو وردە وردە حاڵیان لەئەوانیتر باشتر دەبوو ماڵو منداڵیشیان هەروا، بەپێچەوانەیشەوە کەسانێک کەزۆرجار بۆ ماڵی کابرای کارڕاست(کەئێستا ئیتر هەڵبەتە هیچ شتێکی باشی تێدانییە) بۆ دزی دەچوون، دەست بەتاڵ بۆ ماڵ دەگەڕانەوەو حاڵیشیان رۆژ بەرۆژ خراپتر دەبوو خۆیان هەژارتر دەبینی.

بەمجۆرە، ئەو ژمارەیەی کەحاڵیان باشتر بووبوو، وەک کابرای کارڕاست، خووی ئەویان گرت کەشەوان دوای نانخواردن برۆنە سەر پردەکەو لەشەپۆلی رووبارەکە رامێنن. ئەم رووداوە، بارودۆخی شێواوی شاری شێواوتر کرد، چون مانای ئەوەبوو کەدیسان زۆرینەی خەڵکی شار دەوڵەمەند بوونو ئەوی تریشی هەژارتر.

بەبەرە، ئەوانەی بارودۆخیان باشتربوو بۆ گەڕانو خۆشی هاتبوونە سەر پردەکە، زانییان گەر بەردەوامیی بەم وەزعە بدەن سامانەکەیان لەدەست دەدەن، کەوتنە بیری ئەوەی(چۆنە پارە بەژمارەیەک لەهەژارەکان بدەن تا لەبری ئەوان دزی بکەن). رێککەوتن، هەقدەست دیاری کراو سەدی چەن بۆ هەرلایەک دانرا، هەڵبەتە هێشتا ئەوان دزبوونو لەم قەرارو رێکەوتنەدا هەوڵیان دەدا دەست بەکڵاوەکەی خۆیانەوە بگرنو هەریەک لەهەر دوولاکە بەرەو ئەویتر شتێک راکێشێتو ئەویتریش هەروا... بەڵام هەمانشێوە کە بڕیاربوو، ئەوانەی کە پارەداربوون دەوڵەمەندتربوونو دەست بەتاڵەکانیش هەژارتر.

ژمارەیەک ئەوەندە دەوڵەمەند بوون کەئیتر بۆ دەوڵەمەندتربوون، نەپێویستیان بەدزی راستەوخۆ هەبوو نەئەوەی کەکەسێک دزییان بۆ بکات. بەڵام گرفتەکە لەوێدابوو گەر دەست لەدزی هەڵگرن هەژار دەبنەوە، چونکە هەژارەکان لەهەر حاڵێکدا بێت لەوانی دەدزن. بیرێک بەخەیاڵیاندا هات، هاتن هەژارترین کەسیان بەکارهێنا تا ماڵیان لەبەرامبەر هەژارەکانیتر بۆ بپارێزێت، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس دروستبوو، زیندان دروستکرا.

بەمشێوەیە، چەند ساڵێک بەسەر هاتنی کابرای کارڕاست بۆ شارەکەیان تێنەپەڕی بوو، کەخەڵکەکە لەدزیکردنو دزی لێکران قسەیەکیان نەدەکرد. قسەکردن ئێستا تەنیا لەبوونو نەبوون بوو، بەڵام لەڕاستیدا هەموویان دزبوون.

تەنیا کابرای کارڕاست، هەر ئەو پیاوەی سەرەتا کەئێمە تێنەگەیشتین بۆچی هاتە ئەم شارەوەو پاش ماوەیەک لەبرسا مرد.

**سەرچاوە:**

ئیتالو کالوینو

شاه گوش می کند

برگردان: فرزاد همتی، محمد رزا فرزاد